www.kurdistannet.org
1-8-2003 0:41

# (ڕیفراندۆم) لە ئامار و پێشنیارەوە بۆ بڕیار

## هشام ئاکرەیی

یەکێ لە خەسڵەتەگرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی، گەڕانەوەیە بۆ گەل لە کێشە ئاڵۆز و چارەنووسازەکاندا. بە گوێرەی جۆری سیستمی دیموکراسی پەسەندکراو لە وڵاتدا، دەنگدانی گشتی (ڕیفراندۆم) هێزی دەبێ. واتە ئەنجامەکانی ڕیفراندرم یان ڕێز لێی دەگیرێت و هێزی یاسای دەبێت یانیش وەک ئامارێک لە سەر کاغەز دەمێنتەوە و پارتە سیاسیەکان و دەسەڵاتی سیاسی وڵات هەر یەکەو بۆ بەرژەوەندی هێڵی سیاسی خۆی بەکاریدێنێ.

لە وڵاتێکی دیموکراسیدا کە دەسەڵات و پەرلەمانەکەی بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون لە لایەن گەلەوە، زۆربەی بڕیارەکان لە پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێن و وەردەگرێن.

هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا بۆ کێشەی ئاڵۆز و نەئاسایییەکان، بەڕێوە دەبرێن. ئەو کێشانەی پێویستیان بە ڕای جەماوەرەوە هەیە، و هێچ کام لە پارتە سیاسیەکان لە ناو دەسەڵات و ئوپۆزسیوندا و هەتا پەرلەمانیش، ناتوانن بڕیار لە سەر ئەو کێشەیە بدەن. ئەو کێشانەی کە هەتتا لە ناو خودی ڕیزەکانی یەک پارتی سیاسیشدا، ناکۆکی و نا ڕێکی هەیە. بۆ نموونە، ئیمساڵ لە وڵاتی سوێد هەڵبژاردنێکی گشتی لە سەر دراوی یەکگرتووی ئەورووپا (یورۆ) بەرێوە دەڕوات (1) . دەربارەی ئەم بابەتە لە ناو خودی پارتە سیاسیەکاندا ناکۆکی هەیە. لە ناو یەک پارتیشدا ئەندام هەیە لە گەڵ دراوی یەکگرتووبێ و ئەندامێکی تر لە وانەیە دژی یورۆ بێ. ئەوە جگە لە ڕای جیای هاوڵاتیان. بۆیە پەرلەمانی سوێد بە باشی زانی بگەڕێتەوە بۆ گەلی سوێدی.

لە ژیانی سیاسی وڵاتە دیموکراتیەکاندا، دوو جۆرە ڕیفراندۆم هەن (2) :

1) ڕیفراندۆمی ڕاوێژکاری بۆ ئاسانکردنی کاری پەرلەمان و حوکومەت لە بڕیاردان. مەرج نیە ئەنجامەکانی ئەم جۆرە ڕیفراندۆمە جێبەجێ بکرێت، بەڵام زۆر قورسە بۆ پەرلەمانێک ئەنجامەکانی هەڵبژاردنێکی گشتی پەسەندی نەکات. کاتێ پەرلەمان بڕیار لە سەر ڕیفرادۆم دەربارەی کێشەیەک وەردەگرێت، دەبێ دارایی پێویست بۆ ئەوانەی دژ و لە گەڵ پرسیارەکە دابین بکرێت.

2) ڕیفراندۆم بە مەبەستی گۆڕینی یاسای بنچینەیی (دستوور) . لە چەندین وڵاتدا تەنیا بە ڕەزامەندی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان، خاڵەکانی دستوور ناگۆڕدرێن. بەڵکوو پێویستی بە ڕەزامەندی خولێکی پەرلەمانە و دواتر دەنگدانی گشتی لە سەر دەکرێت. لە هەندێ وڵات تەنیا دەنگی سێکیەکی ئەندامانی پەرلەمان پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم.

لە هەندێ وڵاتی دیموکراسی شارەوانیەکان و ئیدارە هەرێمەکانیش بۆیان هەیە دەنگدانی گشتی بەڕێوە ببەن. بڕیاری بەڕێوەبردنی دەنگدانی گشتی لە دەستی ئەنجوومەنی شارەوانیدایە، نەک پەرلەمان یان حوکومەت (3) .

هەڵبەتە ڕیفراندۆم پەیدابووی ئەمڕۆ نیە، و هاوکات لە گەڵ نەمانی دەرەبەگایەتی وەک شێویەک بۆ گەڕانەوە و لکاندن و سەپاندنی دەسەڵات بە سەر هەموو خاک و نیشتمانەکەیان، پیادەکراوە، یان وەرگرتنی هەندێ دەسەڵات لە گەلەوە. ساڵی 1799 لە دوای شۆڕشی فەرەنسی و سەرکەوتنەکانی ناپلیون بوناپارت لە ئیتالیا و نەمسا ، لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا کرا بە ڕابەری هەتاهەتایە.

ساڵی 1936 هیتلەر نەمسای داگیرکرد. لەدوای هەڵسانی دەنگی نارەزایی لە لایەن نەمساویەکانەوە، هیتلەر پرسیاری گەلی ئەڵمانی کرد و نزیکەی 100% ی ئەڵمانەکان لەگەڵ داگیرکردنی نەمسا بوون. بۆیە ساڵی 1938 هیتلەر نەمسای وەک بەشێک لە ئەڵمانیا ڕایگەیاند (4) .

ساڵی 1991 نەتەوە یەکگرتوەکان لە (بەیابانی ڕۆژئاوا) بڕیاری ڕیفراندۆمیاندا، بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی (سەحرای غەربی) لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکاندا. بەڵام وڵاتی مەغرب تاوەکوو ئێستا کۆسپ و تەگەرە دەخاتە ڕێگای ئەو ڕیفراندۆمە (5) .

تیمۆری ڕۆژهەڵات بە دەنگدانێکی گشتی سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و بڕیارەکە جێبەجێ کرا لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕیفراندۆم لە بواری جیاجیا و بۆ مەبەستی جیاچیاش بەڕێوە دەبرێن هەر لە سەپاندنی سیستمێکی دیاریکراو و سەپاندنی کەسانێکی دکتاتووری وەک ناپلیۆن و هیلەر و سەددام، تاوەکوو ڕزگاربوونی گەلان و مافی سەربەخۆیی و پەیادەکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆ و گەڕانەوە بۆ گەل لە گێشەچارەنووس سازکاندا.

هەلبەتە ڕیفراندۆم شەرعیەت دەداتە کیشەی دەنگ لەسەردراو و لەم سەردەمەدا گرنگیەکی باشی هەیە و وەک مافێکی سەرەتایی گەلان دادەنرێت. بەڵام سەرەرای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیستەمە سیاسەیەکان و جیهانگیری و مافی مرۆڤ، تاوەکوو ئێستا ڕیفراندۆم وەک ماف بەکارنەهێنراوە لەو جێگایانەی پێویستیان پێیەتی و ئەگەر بەڕێوە براش هیچ هێزێک نیە جێبەجێی بکات، تەنیا لە هەندێ حاڵەتی تاکدا نەبێ. لە هەرێمی (ناگۆرنووکاراباغ) چەندین ساڵە گەلەکەی بڕیاری سەربەخۆییان داوە، بەڵام هیچ وڵاتێک (ئیعترافی) پێی نەکردوە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بڕیاریش چەند قۆناغێکی هەیە و جێبەجێکردنی پەیوەندی بە بارودووخ وڵات و هەرێمەکە و جیهانەوە هەیە. ئەکەر گەلی (ناگۆرنووکاراباغ) توانیبێتن، ڕیفراندۆمێک بەرێوەببەن، بەڵام گەلی باشووری کوردستان تاوەکوو ئەمرۆ لە قوناغی بڕیارداندایە لە سەر ئەوەی ئایە ڕیفراندۆم بکرێت یان نا. بۆ بەرێوەبردنی ئەم ڕیفراندۆمە هەزاران تەگەرە لە ڕێکای دایە. سەرەرای ئەوەی هەموو وڵاتانی جیهان و هەرێمەکەو و گەلانی، باش دەزانن کە ڕیفراندۆم مافی گەلی کوردستانە و یەکێکە لە مافە هەرە بنچینیەکانی هەر میللەتێک. هەر میللەتێک یان وڵاتێک یان کەسێک خۆی بە دیموکرات دابنێت، دەبێ لە گەڵ ڕیفراندۆمدا بێت بۆ گەلی کوردستان.

لە حاڵەتی باشووری کوردستاندا ڕیفراندۆم بۆتە پێویستیەکی مێژوویی و دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەبێ ڕاپرسیەکی گشتی بەرێوە ببات سەبارەت بە چارەنووسی ئەو هەرێمە و پێشنیارەکەی نووسەرانی (هەقمانەئەگەر نیگەرانیین) (6) و زۆر بەرێزی تر، لە پێشنیارەوە بکرێ بە بڕیارێکی گەل و ڕێکحراوەکان و دەسەڵات و پەرلەمانی باشووری کوردستان.

ئەنجامەکانی ئەو ڕیفراندۆمە لە هەموو حاڵەتێکدا لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و پارتە کوردستانیەکان دایە. ئەم بڕیارە ئەگەر ئێستا جێبەجێش نەکرێت، جێگای پارتەکوردستانیەکان و دەسەڵاتی باشووری کوردستان، بەهێزتر دەکات لە هەر دانوسانێکدا لە گەڵ حوکمەتی عێراق و ئەمریکا. ئەمە بڕیارێکە لە سەر چارەنووسی باشووری کوردستان، نە پارتێکی سیاسی و نە ڕێکخراوێک و نەپەرلەمان بۆیان نیە بڕیار لە سەری بدات. تەنیا گەلی کوردستانە دەتوانێت ئەو بڕیارە بدات. ئەکەر پارتە کوردستانیەکان خۆیان بە دیموکرات بیژمێرن، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ جەماوەر و بۆ دونیا و ئەمریکا بسەلمێنن کەوا، باوەڕیان بە دیموکراتیەتەوە هەیە و ئاساییە بگەڕێنەوە بۆ جەماوەر لە بڕیارێکی ئاوها گرنگدا.

1- www. levandehistoria. goteborg. se
2- www. riskdag. se
3- www. riksdag. se
4- www. yelah. net/artikels/saharo020404
5- www. utb. boras. se/kd-cm/et
6- http://www. kurdistannet. net/7-2003/rifra. pdf

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.